# کوردستانی پاش کۆرۆنا; کاریگەرییە سیاسی و ئەمنییەکانی کۆرۆنا لەسەر کوردستان

30-03-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : بڵاوبوونەوەی خێرای کۆرۆنا وەك گەورەترین هەڕەشەی مانەوەی مرۆیی لە جیهان لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2020دا، وایکرد مرۆڤەکان لەماڵەوە خۆراك بۆ کاتی تەنگانە هەڵگرن و هەوڵی خۆپارێزی بدەن. بەهەمانشێوە، دەوڵەتانیش کۆنترۆڵیان لەسەر سنوورەکانیان زیاترکرد وهاتوچۆ، ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پێوەندیی دیپلۆماسیشیان کەمکردۆتەوە. تاك و دەوڵەت لە سەرتاسەری دنیا تەقەلای مانەوە دەدەن.

# پوختە

بڵاوبوونەوەی خێرای کۆرۆنا وەك **گەورەترین هەڕەشەی مانەوەی مرۆیی لە جیهان** لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2020دا، وایکرد مرۆڤەکان لەماڵەوە خۆراك بۆ کاتی تەنگانە هەڵگرن و هەوڵی خۆپارێزی بدەن. بەهەمانشێوە، دەوڵەتانیش کۆنترۆڵیان لەسەر سنوورەکانیان زیاترکرد وهاتوچۆ، ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پێوەندیی دیپلۆماسیشیان کەمکردۆتەوە. تاك و دەوڵەت لە سەرتاسەری دنیا تەقەلای مانەوە دەدەن. ئەمە یەکەمجار نییە مرۆڤایەتی تووشی پەتایەکی عالەمگیر بێت بەڵام، رەنگە هیچ وەختێ وەك ئەمەی کۆرۆنا ترسێکی گشتگیری درووستنەکردبێت. بەشێکی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جاری جاران بەکارهێنانی میدیا و سۆشیاڵمیدیا ئەوەندەی ئێستا باو نەبووە هەتا مرۆڤەکان، بە ئاسانی هەواڵی شوێنەکانی دیکەیان پێبگات. لەوەش بترازێ، کۆنترۆڵی کەمتر بەسەر جووڵەی زانیارییەکان ماوە. ئێستا هەرتاکێك دەتوانێت سەرچاوەیەکی زانیاری بێت کە بێگومان، کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن دامەزراوەی دەوڵەتەوە کارێکی ئاسان نییە.

دنیای سیاسی لەدوای کۆرۆنا چۆن دەبێت و لەوەش گرنگتر کوردستانی پاش کۆرۆنا چۆن دەبێت؟ ئەم پرسیارە لە دۆخی ئێستادا، کە دنیا هەڵەوگیری کۆرۆنا بووە و خەمیی سەرەکیی تووشنەبوون و چاکبوونەوەیە، پرسیارێکی گەشبینانەیە. بەڵام ئەزموونەکانی رابردووش دەریانخستووە کە توانای مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر ئافات و گرفتە سرووشتییەکانی وەك پەتا گشتگیرەکان کەم نییە. ئەگەر بمانەوێ سەرەداوێکمان لەبارەی داهاتوو دەسکەوێت دەبێ لانیکەم دوو فاکتەری گرنگ لە پێشچاو بگرین: یەکیان رکابەری و پێوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانە و ئەوی دیکەشیان ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەوانەیە لە ئاستی دەوڵەت- وڵاتێکدا رووبدەن. بێگومان تیگەیشتن لەوانەش دیمەنی کوردستانی پاش کۆرۆنامان بۆ روونتر دەکاتەوە.

رووداوە دەگمەنەکانی ژیانی مرۆڤ لە جەنگەوە بگرە هەتا قەیرانی ئابووری، داهێنانی تەکنەلۆژیایەکی بنەڕەتی و تەنانەت کارەساتە سرووشتییەکانیش دەتوانن وەرچەرخانێك لە ژیانی مرۆڤایەتی و دنیا سیاسییەکەیدا درووستبکەن. ئەم بابەتە لەو دەلاقەیەوە تەماشای کۆرۆناش دەکات و پێیوایە کاریگەرییەکانی ئەم پەتا گشتگیرە تەنها بە تەندرووستی مرۆڤەکان و ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەویوە سنووردارنامینێت. کۆرۆنا سیاسەتی دنیاش بەرەو گۆڕانکاری دەبات هەرچەند کە لەوانەیە، کاریگەرییەکەی لەسەر هەموو دەوڵەتانی جیهان وەك یەك نەبێت.

ئەم بابەتە لەلایەك هەوڵیداوە تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەو وەرگۆڕانە پیشانبدات کە لەوانەیە لە قۆناخی پاش کۆرۆنا بێنە دی و لەلایەکی دیکەش، هەوڵیداوە ئەوە دەرخات کە چۆنچۆنی لاوازیی سیستەمی تەندرووستی، وابەستەیی ئابووری و نوقسانی سیستەمی پەروەردەیی لە عێراق و کوردستان، دەتوانن ببنە هەڕەشەیەکی ئاسایشی نیشتمانی. بێجگە لەوە، وایداناوە کە هەڕەشەکانی ئاسایشیی زیاتر بۆ کوردستان درووستدەبن و گەشەکردنی دەسەڵاتگەرایی، ئیسلامگەرایی سیاسی لە کوردستان کە بەرلە کۆرۆناش هەبوون، خێراتر دەبن. هەرچەند هەندێکجار قەیرانەکان رۆڵیان لە کەمکردنەوەی ناکۆکییەکاندا هەیە بەڵام کۆرۆنا، گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە سرووشتی ململانیی کوردی ـ کوردی درووستنەکردووە و وادیارە هێزە کوردییەکان لەو شوێنەی کە مابوون درێژە بە ناکۆکییەکانیان دەدەن.

لینکی تەواوی لێکۆڵینەوەکە:

[کوردستانی پاش کۆرۆنا]